# تارمایی سەرۆک

**شێرزاد هەینی ـ سوید**



کتێبی ( تارمایی )، ڕەنگە ڕۆژانەو بەسەرهاتی سەرۆک وەزیرانی بریتانی پێشوو تۆنی بلێر بێت،
بەپێی مەبەستی شاراوەی ناو ڕۆمانەکە، پەیوەندی دۆستبازی و دەستبازی و مێبازی و هەوستبازی نێوان ئەو سەرۆکەو یەکێک لە ژنە نازدارە ناسکەکانی هاوکاری لە ماوەی سەرۆکایەتی دەگێڕێتەوە، ئەوە مەزندەو بۆچوونی، خوێنەران و چاودێران و هاوپەیمانان و نەیارانی تۆنی بلێرە، بەڵام نووسەری ڕۆمانی تارمایی ( ڕۆبرت هاریز ) ئەوانە بەراست نازانێ، ئەو دەڵێ من ڕۆمانەکەم لە خانەی خەیاڵەو دوورە لە ڕاستی، ئەگەرچی لەیەکچوونی کەسەکانیش دیارە، من مەبەستم کۆنە سەرۆک نییە.
بلێر بۆ سێ جار سەرۆک وەزیرانی بریتانیابووە، ماوەیەکی زۆریش کرێکارانە، سەرۆکی حزبی کرێکارانی بریتانی بووە. کە سەرۆکی حزبەکەیان جۆن سمیث مردووە، ئەو لەساڵی 1994 بە حەقی خۆی، بە ڕەنجی خۆی، بە دەنگی خۆی بە سەرۆکی حزبەکە هەڵبژێردراوە.
ڕۆژنامەنووسان، چاودێران، ئاگاداران سوورن لەسەرئەوەی ناوە خواستراوەکەی ناو ڕۆمانەکە ( ئەمیلیا بلای ) تەواو، ( میز هانتز )ە، ئەو ژنەی کە لە ساڵی 2001 لە پۆستی بەڕێوەبەری گەیاندنی نووسینگەی سەرۆک دەستی لە کارە بەرزو بڵندو ناودارەکەی کێشابۆوە، بەڵام ( شیری ) ژنی تۆنی بلێر گومانی لە قسەکانی ئەو ژنە هەبوو، کە ویستبووی دڵی ئەو خاتوونە بە چەند قسەیەک خۆش و سارد بکاتەوە، کەوا ئەوان ئەگەر چرپەیەکیشیان لەسەردەمی خوێندنی زانکۆش لەگەڵ یەکدا هەبووبێت، ئەوەیان ئێستا کۆن بووە، بەسەرچووە! بەڵام شیری کە ڕۆمانەکەی خوێندیتەوە، وەک ئەوەی شیری لێ ڕاژابێت، حەپەسابووە، چونکە وەسفەکانی ژنە دەستبازەکەی ناو ڕۆمانەکە ڕێک و ڕەوان لە ژنە بەگومانەکە دەکات.! بەڵام ژنەکەش وەک نازی جارانی خۆی، بەنازەوە بەهاوشانی نازدارەکەی خۆی دەژیت، ئاگاداری ئەوەش نییە، نازی ئەو ژن و مێردەی بێناز کردووە.
( شیری ) زۆر سەخلەت بووە، بەڵام ژنە نازدارەکەش بە چاوە گەشەکانی، بە پێڵاوە بەرزەکانی و بە مکیاژە زۆرەکانی لەنجەی زۆرتری نواندووە، لەبەر چاوی گەشی میدیا، بێمنەت، ئازایانە، وتوویەتی، من ئەو نووسەرە هەر ناناسم، ناویشیم هەر نەبیستووە، تارماییەکەشم نەخوێندیتەوە. بەڵام بلێری کۆنە پارێزەر، بێدەنگ بووە لەو مەسەلە ترسناکە، ئەگەر ئەو تەقینەوەکانی میترۆی ناو لەندەن، کورسیەکەی حزب و حکومەتی نەهەژاند، ئەوا بەئاسانی ئەو ڕۆمانە زۆری نەمابوو شیری شیری ژنەکەی برێژێت، ماوەیەکی زۆریش ماڵی سەرۆک بێ ماست و دۆ دەمایەوە. کابانەکەشی زیز دەبوو. ئەوا تۆنی بلێر لە جیاتی پۆستە نوێیەکەی لە خۆرهەڵاتی گەرم و ئاوڕداری ناوەڕاست، دەبوایە بە تاقی تەنها لە زەریزەکەی شیری شیر لێ ڕژاوی ژنەکەی بگەڕێت، کابرای ڕۆماننووسیش بۆ خۆی

پارەیەکی زۆر بە رۆمانەکەو دۆسیەیە ترسناکەکەو تارماییەکەی سەرۆک دەست دەکەوێت. بە ئاسانی دەربازبووە، کە وتوویەتی من ئەوانەم لە خەیاڵی خۆمەوە چنیوە.